# تاکەی بێدەنگی بەرامبەر ئەوانەی بەناوی کوردەوە دەدوێن؟ ... عبدالستار شوانی

لە خوێندنەوەی، دیدو بیرو بۆچوونی عەرەبە ڕەگەزپەرست وبەعسی و شۆڤێنییەکاندا، تائێستا دان بەوەدانانێن، کە کورد وەك گەلێکی زیندووی خاوەن زمان ومێژوو وجوگرافیا هەن وخودانی شۆرش وخەبات وتێکۆشانێکی دوورودرێژن لە دیرۆکی کۆن ونوێی کوردستان بەتایبەتی وناوچەکە بەگشتی، کەلەوپێناوەدا بەسەدان هەزار قوربانی وشەهیدیانداوە، گۆرەبەکۆمەڵکانی ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، سێوسێنان، گۆبتەپە، بادینان وتەرحیل و تەعریب و رووخاندنی دەیان شارۆچکەو سەدان گوندی کوردنشین، شایەتی ئەوەدەدەن.
ئەوان تائێستا بەبیری تەسکی شۆڤێنیستیی، عروبە، بۆچوونەکانی سەدامی دیکتاتۆری داتەپیوو وبەعسییزم پەیڤەکانی خۆیان ڕادە گەیەنن. کەچۆن کاتی خۆیی سەدامی گەورە دیکتاتۆر، کە باس باسی کوردبوایە، یاخود هەرشتێك پەیوەندی بە کوردەوە هەبوایە دەیگووت (شعبنا الکردی) ، خۆی بە باوك وخاوەنی کورد دەزانی، هەرخۆی دەستنیشانی دوا رۆژی کوردو چارەسەری کێشەکانی بەویست وئارەزووی خۆی دەکرد، بێگوێدان بەڕاو وبۆچوونەکانی خەڵکی کوردستانی باشوور.
ئیمڕۆش ئەم بیروو بۆچوونانە لەلای عەرەبە رەگەزپەرست وشۆڤنییەکان هەربەردەوامەو کارپێیدەکەن بەبێ هیچ ترس ودڵەڕاوکەیەك. تا هەنووکەش ئەوان خۆیان بەنەتەوەی پلە یەك وبالادەست دەزانن لەعێراقدا، هەرتەنها مافی ئەوانە بڕیار لەسەر چارەنووسی نەتەوەو گەلانی تر بدەن، یاخود چەند بەلای خۆیانەوە بەڕوا بزانن، ئەوەندە ماف بدەن بەنەتەوەی تر، هەر تەنها خۆشیان بەپارێزەری یەکپارچەیی خاکی عێراق ومافەکانی کوردو خەڵکی کوردستان دەزانن.
هەربۆیە ئەمانە رۆژانە لە رۆژنامە کانو کەناڵەکانی ئاسمانی و سایدەکانەوە، قینی رەشی ناو سکیان بەرامبەر بە کورد هەڵئەرشێنەوە، بەناوی (اخوانناالاکراد، شعبناالکردی، شمالنا الحبیب) ، بەپێی ویست وئارەزووی خۆیان مافەکان دابەشدەکەن.
ماوەیەك لەمەوپێش لەکەناڵی ئاسمانی (الجزیرە) فیێل القاسم زۆر بێشەرمانە باس لە کوشتن ودەربەدەرکردنی زیاتر لە 10 هەزار عەرەبی شاری کەرکوك دەکات، کە بەشێوەیەکی نازییانە لەلایەن کوردەوە کراوە. * هەروەها لە کەناڵی ئاسمانی (الفیحا و ) وە لەرۆژی 27. 09. 2005 لە دیدارێکدا لەگەڵ رەگەزپەرست وشۆڤێنیست (ێالح المگلق) ی ئەندام وقسەکەری فەرمی بەناو (مجلس الحوار الوگنی) ، بەبێ هیچ کۆت ومەرجێك، بەناوی کوردوە دەپەیڤی، وەك ئەوەی لە سالانی کۆتایی هەشتاکاندا قسەدەکات. ئەمەش بەشێکی کورتی وەلامەکانی ناوبراوە.

1. پارتە کوردییەکان مێشك وبیروو هەستی (گەلی کوردمان) بەدوژمنایەتیکردنی عەرەب وجوودا خوازی جۆشدەدەن.
2. زۆرینەی هەرەزۆری (گەلی کوردمان) دەیانەوێ لەگەڵ برا عێراقییەکانیاندا بژین وبمێنەوە.
3. ئێمە هەموو مافێکیان ئەدەینێ ونابێ بەهیچ جۆرێك باسی فیدراڵی بکەن.

سەیرکەن ئەم مێشك بۆگەنە چۆن بیردەکاتەوە، وەك ئەوەی کورد سواڵکەربێت ولەبەردەرگای باوکی ئەو وەستاوەو دەست پاندەکاتەوە.

زۆربەمان چاك دەزانین (ێالح مگلق) ی نەتەوەپەرست، هەڵوێستەکانی دژ بەرەشنووسی دەستوور بوو بەگشتی ودژ بەو خاڵانەی کە بۆ کورد گرنگی هەیە و بەتایبەتی فیدراڵی و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و ماددەی 58 ی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی عێراق بوو.
هەر دوای تەواو بوونی سەردانەکەی عمرو موسی بۆ عێراق، بۆ دوایین مۆر لێدانی قسەکانی، یاریدەرەکەی عمرو موسی کە ناوی (احمد بن حلی) یە، لە کەناڵی ئەلجەزیرە، لە رێکەوتی 28. 10. 2005 دا دەڵێ: (العراق ركن من اركان بنا و الوطن العربی) ، واتە چۆن لەئیسلام چوار رکن هەیە وەك نوێژ، رۆژگرتن، حەج وزەکات، هەر یەکێ لەمانە کۆڵەگەی بناغەیی ئیسلامن، کەواتە عێراقیش روکنێکی بناغەیی نیشتمانی عەرەبییە.
لە تێرونینێکی کورتدا بۆ هۆیەکانی ئەم لێدوانانە وقسەکردنی ئەم رەگەز پەرستانە بەناوی کوردەوە، هۆیەکان لە م دوو خاڵەدا کورتدەکەمەوە.

1.لە ئایدیۆلۆجیای ئەمانە دا تەنها نەتەوەپەرستی، عروبە، شۆڤێنیستی وبەعسییزم هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو نەتەوەیەك رەتدەکەنەوەو خۆیان بەنەتەوەی سەردەست دەزانن.
2.نەبوونی وەڵام و بەرپەرچدانەوەو بەدواداچوون بەشێوەیەکی پێرفێشوناڵ لە ڕاگەیاندنی کوردی، ئەویش ئەوە دەسەلمێنی، سستیی وپارچە پارچە بوونی ڕاگەیاندن ومیدیای کوردی ونەبوونی سیستەمێکی ناوەندی ڕاگەیاندن، کەئەم جۆرە کارانە بگرێتە ئەستۆی خۆی.
ئەوەی گرنگ بێت لێرەدا ئەوەیە، کورد خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆن، رۆژنامە، گۆڤارو سایدێکی زۆری بەلایەن وبێلایەنە، لێ هیچیان خۆیان لەکەناری ئەم کارە نادەن یاخود زۆر بەدەگمەن، بەڵام بۆگیانی نووسەرو رەخنەگرانی خۆمان ئازاین و پەنا دەبەینە بەر شەیتانیش، بەس بۆ ئەوەی دەمکوتیان کەین.
چونکە بەراستی ڕاگەیاندنیش چەکێکی زۆر گرنگی میللەتانە بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی. جا زۆر پێویستە دەست لە یەخەی یەککەینەوەو ڕاگەیاندنێکمان هەبێت، کە سنورێك بۆ ئەو جۆرە کەسانە دیارییکات وئەگەریش پێویست بکات سکاڵای یاساییان لەسەر تۆماربکرێت وبدرێنە دادگا، بۆئەوەی جارێکیتر نەوێرن خۆیان لە ئاقاری کێشەی کوردو خەڵکی کوردستان بدەن و بزانن کە ئەو سەردەمە بەسەرچوو وئەو رژێمەش گۆر بە گۆربوو کە بەناوی کوردەوە دەدوا. ئەمرۆش رەوتی دیموکراسی بەرەو پێش دەڕوات و کورد گەیشتۆتە قۆناغێك کە خۆی خودانی خۆیەتی وخۆی بڕیار لەسەر دوارۆژی خۆی ئەدات و بۆ هیچ عەرەبێکی جۆری صالح المطلق) نییە بەناوی کوردەوە قسەبکات، ئەگەر نا بلوێر بۆ گا لێدانە.

*ڕوونکردنەوەیە لەلایەن ناوەندی ڕگەیاندنی ینک لەسەری دراوە.
http://www.pukonline.com/2005/kurdi/news/sep/31.htm

عبدالستار شوانی
2005 .11 .03
shwany88@hotmail. com